# میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی پانتاییەك بۆ فرەخوێندنەوە

د.علی طاهر حسین/ کۆلیجی زمان/ بەشی کوردی

## پێشەکی

ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێکی پاش بونیادگەرییە، کار لەسەر کنەکردن و توێکاریی دەق دەکات، تا بگات بە واتای نوێ، بە پێی ئەم میتۆدە، دەق واتای بێکۆتایی هەیە، خۆی لە بونیادو سەنتەری دەق دەپارێزێت. لە ڕەخنەی نوێی کوردیدا ئەم بابەتە کاری کەمی لەسەر کراوەو چەمك و زاراوەو واتاکەی بە خوێنەر نامۆیە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی کاری لەسەر ئەم بابەتە تارادەیەك کردووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی وەسفی و شیکاری کار کراوە، بابەتەکەیش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: پێناسەو چەمك و زاراوەو پرەنسیپەکان.

بەشی دووەم: پراکتیزەکردن.

## بەشی یەکەم:
## پێناسەو چەمك و زاراوەو پرەنسیپەکان

لە گۆڕەپانی ڕەخنەی فەرەنسیدا، دوای ئەو هەموو چەپاندنەی سەر زمان و بەرتەسککردنەوەی واتاکان لە سەرەتای شەستەکاندا بزوتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەرپابوو ناوی خۆی نا شۆڕش بەسەر هەموو باوە هزرییەکانی پێشوودا، ئەم بزوتنەوەیە، خۆی لەوەدا دەبینیەوە، کە پرۆژەیەکی تازەی خوێندنەوەی بۆ دەقی ئەدەبی هەیە، ئەویش تەقاندنەوەی دەقە لەناو خودی خۆیدا، بۆ دۆزینەوەی جەوهەرەکانی بەشێوەیەك کە خوێنەر بتوانێت واتاو دەلالەتی بێکۆتایی بەرهەم بێنێ، خوێندنەوەیەکی کنەکردن کە دەبێتە ستراتیژێك بۆ هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان (جاك دریدا) ڕەخنەگری فەرەنسی بە پێشەنگی ئەم ڕەوتە دادەنرێ، هەڵوەشاندنەوەگەرایی توێژینەوەیە لە

هاوڕێکی ناوەوەی دەق. تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو واتایانەیە کە سەرچاوەکەی لۆگۆسە، بەتایبەتی واتای ڕاستەقینە (الحقیقة)[1].

هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆسەیەکی روتکردنەوەی دەقە، تا دەگەیت بە نهێنیە شاراوەکان و پیرۆزی لێدادەماڵێت، بەم تێگەیشتنە، هەڵوەشاندنەوەگەرایی تەفروتوناکردنی کۆدەکانی دەقە بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، دواتر بەو پارچانە داهێنانێکی نوێتر دەخولقێنی بەپێی جیهانبینییەکی تازەی پێچەوانە.

هەروەك چۆن پێشەنگەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، میتۆدە رەخنەییە کلاسیکییەکانیان دایە بەر رەخنە، هەر بەو شێوەیەش رەخنەیان ئاراستەی میتۆدی بونیادگەری و سیمیولۆژی و شێوازگەری کرد، بەوەی ئەوانە هۆشەکارییەکی زۆریان لەناو خودی دەقدا کردووە، ئەمان یاخیبونێکی ئازادیان لەسەر دەسەڵاتی ناوەوەی دەق بەرپاکردو دەسەڵاتی خودیان بەرز راگرت، کاتێك باسی ستاتیکای دەقی ئەدەبی دەکرێ بەم شێوەیە هەست بە ناکۆکییەك لەنێوان هەڵوەشاندنەوەگەرایی و میتۆدە کلاسیکییەکان و میتۆدی دەقەکاندا دەبینرێت[2].

واتە دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەبێ هەڵوەشاندنەوەی گوتارو پارچە پێکهێنەرەکانی نییە، ئامانج لەمەش هەست کردنە بە واتا شاراوە نوستوەکانی پشت دالەکان و، سەرلەنوێ بە ئەندازەکردنی واتای دەق و پێکهاتە تازەکەیە، بەواتایەکی تر، خوێندنەوەیەکە لەسەر لاشەی نووسینەکانی تر، بەم شێوەیە وێنەی داهێنانێکی تازەیە بەپێی جیهانبینییەکی جیاواز کە ئامانج لێی دۆزینەوەی واتا نائامادەییەکانە.

لە راستیدا بیرۆکەی مردنی نوسەر (موت المؤلف) کە لە زۆر سەرچاوەی رۆژئاواییدا ئاماژەی پێکراوە ڕەگ و ریشەی فەلسەفی و باگراوندێکی ئایدیۆلۆژیای هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بونیادی شارستانێتی ئەوروپی (نیتشە)، وتەی (مردنی خوداوەندی) ڕاگەیاند، بەهەمان لۆجیکیش بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی مردنی نووسەریان ڕاگەیاند، لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بیرۆکەی مردنی خوداوەند لە نێوەندە رۆژئاواییەکاندا پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا، چونکە گوزارشتکردن بوو لە دۆخێکی تایبەتی کە ئەوروپای پێیدا تێدەپەڕی، لەهەمانکاتیشدا ململانێکردن بووە لەگەڵ غەیبانییەت و میتافیزیکیدا، وتەی مەرگی دانەر بە ڕوانگەی نیتشە واتا بایەخپێدانە بە ئیرادەی مرۆڤایەتی، تا پرۆسەی بیرکردنەوەی خۆی بەشێوەیەکی ڕەهای ئازاد دوور لە میتافیزیکای ئامادەکراو پیادە بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بانگەشەیەکی ئاشکرابوو بۆ خود تا خۆی لەو شتە شاراوەو تەمومژانەدا رزگار بکات، ئەمەش بوو بە بانگەشەی هەڵسوڕێنەرانی هەڵوەشاندنەوەگەراکان، بیرۆکەی مردنی خوداوەند هاتە ناو نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەییەوە بە

[1] بڕوانە: سارة کوفمان، روجی لابورت، مدخل الی فلسفة جاك دریدا، ص١٣. هەروەها بڕوانە: س.رافیندران البنیویة والتفکیك تطورات النقد الادبي، ترجمة: خالدة حامد، ل١٤٦.

[2] د.بشیر تاوریت، د.سامیة راجح، فلسفة النقد التفکیکي في الکتابات النقدیة المعاصرة، ص١.

چەند ناونیشانێکی هاوشێوەوە، نووسەران مردنی کەسایەتیان لە بواری ئەدەبدا ڕاگەیاند، هەروەها ڕەخنەگرانیشی مردنی دانەریان لە بواری رەخنەدا راگەیاند[٣].

(د.ولید قصاب)یش ناوی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەبەستێتەوە بە (جاك دریدا) كە فەرەنسییەكی بە ڕەچەڵەك جەزائیرییەو خاوەن بۆچونێكی چەپ بووەو، ناوی چەند ڕەخنەگرێك ریزبەند دەكات كە پەیوەست بوون بەم میتۆدەوە، لەوانە: (جفری هارتمان) (بول دیمان) (هیلر میللر) و دەڵێت ئەم میتۆدە جێگیرەكان، سەقامگیرەكان، دوالیزمەكان، خێرو شەڕ، بەرزی و نزمی ڕەتدەكاتەوەو، تا ئەوەی دەڵێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی و تیۆری خوێندنەوە بەلای هەندێك لە توێژەرەكانەوە زۆر لەیەكەوە نزیكن[٤].

لێرەدا ئێمە لەگەڵ بۆچونەكەی (د.ولید قصاب)ین لەمەڕ جێگیرەكان و سەقامگیرەكان، بەڵام ناتەباین لەمەڕ بەرزی و نزمییەوە، چونكە ئەم میتۆدە كاری لەسەر ئەوانەش كردووە، هەروەها لەگەڵ ئەو بۆچونەیشی یەكدەگرینەوە كە دەڵێت لەگەڵ تیۆری خوێندنەوە نزیكن، چونكە هەردوكیان زۆر بایەخ بە خوێنەر دەدەن[٥].

ڕەخنەگری ئەمەریكی (بول دیمان) كە سەر بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییە، دەڵێت سەردەمی دەسەڵاتی دەق كە بونیادگەراكان بانگەشەیان بۆ دەكرد كۆتایی پێهات، كرۆكی هەڵوەشاندنەوە لەڕوانگەی (جاك دریدا)وە بریتیە لە ئامادەنەبوونی سەنتەری سەقامگیری دەق[٦]، ئەمەش پێچەوانەی بوونی بونیادی دەقە لای بونیادگەراكان، بە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەرەكانەوە دەق كراوەو بێكۆتاییە، لای بونیادگەراكانیش دەق خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەكرێت، بەڵام لەهەمانكاتیشدا بونیەكەی داخراوە، واتە پێویستی بە شتێك نییە لە دەرەوە، تا یارمەتی تێگەیشتنی بدات.

بە بۆچوونی ئێمە ئەمەیان زیاتر بونیادگەری فۆرمالیستی (البنیویە الشکلیە) دەگرێتەوە بەوەی بونیاد بە بەشێكی گرنگ دادەنێت، ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە گرێی بدات بە مێژووەوە، بەڵام بونیادگەری پێكهاتوویی (البنیویە التکوینیە) ئاڕاستەیەكی رەخنەییە، وا دەبینێ كە بونیادگەری فۆرمالیستی، گەیشتۆتە بن بەست بەوەی لە دەقدا قەتیس ماوە، بۆیە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ژینگەی كۆمەڵایەتی دەكەن[٧].

(عبدالعزیز حمودة)یش لەبارەی پرەنسیپەكانی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە، دەڵێت: "گرنگترین تەوەری هەڵوەشاندنەوە پشت ئەستورە بەو گرنگییە تازەیەی كە خوێنەر بەدەستی دێنێ لەگەڵ ئەو رۆڵەی كە لە شرۆڤەكردنی دەقدا دەیبینێ و تیۆری وەرگرتن رێگە خۆشكەر بووە بۆ

---

[3] بڕوانە: د.بشیر تاوریت، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، ص١٧.

[4] د.ولید قصاب، مناهج النقد الادبي الحدیث، ص١٨٦.

[5] هشام الدرعاوي، التفكيكية، التأسيس والمراس، ص٤٠.

[6] د.ولید قصاب، مناهج النقد الادبي الحدیث، ص١٨٩.

[7] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بابەتە بڕوانە: كتێبی رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن. رەخنەی شیعری كوردی بە نموونەوە، د.عەلی تاهیر بەرزنجی، لاپەڕەكانی ١٢٥ – ١٣٣.

**هەڵوەشاندنەوە، هەردوکیان ئەوەندە بەناو یەکدا چوون، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێ لە ڕەخنەگران باس لەوە بکەن کە هەردوکیان یەکن".[8]**

**بە چەند شێوەیەك زاراوەی** Deconstruction **وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە: (التفكيكية، التقويض) هەندێکیش بە (التشريحية)[9]، بەڵام ئەوەی کە زیاتر چەسپاوەو بەکاردەهێنرێت (التفكيكية)یە.**

**لە زمانی کوردیشدا بەرانبەر (التفكيك) هەڵوەشاندنەوەو[10] بەرانبەر (التفكيكية)ش هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەکارهاتووە.**

**لە زمانی فارسیشدا بەرانبەر** Deconstruction **زاراوەی شالودشکنی[11] بەکارهاتووە، ڕاستە زۆرجار زاراوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، بەڵام زۆر کاریگەریی لە چەمك و واتاکەی نەکردووە.**

**هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و لە هەشتاکاندا گەشەی سەند، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دوای بونیادگەرییەو درێژەپێدەریشێتی و لەهەمانکاتیشدا خۆی لێدەرباز دەکات.**

**(ادوارد سعيد) لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە دەڵێت: ئەوان لە دەقدا گرژی و دژو بێهاوتایی دەبینن پێیان وایە میتۆدە کلاسیکیەکان کار لەسەر هەڵبژاردنی دەلالەتێکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوە کاری تێکدانی کۆدەنگی دەلالەتەکانە، بەوەی ڕێگا خۆشدەکەن بۆ فرەواتایی[12]. بەم پێوەرە دەق دەبێتە گۆڕەپانی ناتەبایی، نەك ڕێککەوتن، گۆڕەپانی جیاوازی، نەك یەکگرتوویی، گۆڕەپانی تەقینەوەی واتاکان، نەك بەرتەسککردنەوەو دیاریکردن[13].**

**هەڵوەشاندنەوەگەرایی لای (باربراجونسون) بریتیە لە "تێکدانی وردی هێزی دەلالەتە کێشمەکێشەکان (المتصارعة) لە دەقدا"[14].**

**لە قوڵبوونەوە بەناو دەقدا چەند ئاراستەیەکی دوای نوێگەری کە خولیاکەیان پارچەپارچەکردن و بڵاوکردنەوەیە بەرانبەر گشتگیری و سەقامگیری دەرکەوتن و، کەوتنە، کردنی عەقڵ و عەقڵانیەت و نموونەی باڵا، بانگەشەی دروستکردنی نموونەی تازەو پێویستی گۆڕانی هەمیشەییان دەکرد، لەوانە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی** Deconstruction[15].

---

[8] **عبدالعزيز حمودة، المراية المحدبة، ص٣١٤.**

[9] **د.ميجان الرويلي، د.سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، ص١٠٧.**

[10] **لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی، ل٩٧.**

[11] **د.بهرام مقدادى، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبي از افلاطون تا عصر حاضر، ص٥٩٥.**

[12] **د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص١٨٩.**

[13] **فريال غزول، عرض كتاب (العالم والنص والناقد) لادوارد سعيد ضمن مجلة فصول، العدد الاول، ١٩٨٣.**

[14] **ديفيد بشبندر، نظرية الادب المعاصر وقراءة الشعر، ترجمة عبدالمقصود عبدالكريم، ص٧٥.**

[15] **د.عماد حسين محمد، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، ص١٤.**

لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە دەق خاوەن مەدلولێکی تاك و ڕەها نییە، ئەمەش واتای پەسەندنەکردنی گۆڕانە، ئامانجی ئەمان توێژینەوەیە لە ناکۆتایی (اللامتناهی) و داهێنانی خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەی بەرهەمهێنەرە بۆ دەقی ئاشکرا[١٦].

لەبارەی وەرگێڕانی زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی چەند بۆچوونێك هەیە (محمد عنانی) وای دەبینێ بەکارهێنانی زاراوەی (التفکیکیة) بەرانبەر (Deconstruction) لە جێگای خۆیدایە، چونکە دەلالەت لە کردنەوەی پەیوەندییە گریمانەییەکانی نێوان زمان و ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی. دانەرانی ڕێبەری ڕەخنەگری ئەدەبی (دلیل الناقد الادبی) (د.میجان الرویلی) و (د.سعد البازعی) وایبۆدەچن کە ئەم وەرگێڕانە لە چەمکی خاوەن تیۆرەکە نزیك ناکەوێتەوە، هەرچەند ئەمان زاراوەی (التقویضیة) بەکاردەهێنن، بەڵام لەو باوەڕەیشدان کە ئەمیش هەمان کێشەی هەیە، بەڵام ئەم بە باشتر دەزانن. (عبدالله الغذامي)یش زاراوەی (التشریحیة) بەکاردەهێنێ، چونکە بە بۆچوونی زۆر لە زاراوەی (التفکیکیة) باشترە، کە وای لێتێدەگەین هەر تێکدان بێت، نەك تێکدان و سەرلەنوێ دروستکردنەوە[١٧].

ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و فەلسەفی تیۆری هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفە گریکیە یەکەمەکان، ئەم زاراوە ماتماتیکی و لۆجیکییە دوای سەدو پەنجا ساڵ لە شێوەی تیۆرێکی ئەدەبی و زمانەوانی لەسەر دەستی جاك دریدا گەڕایەوە گۆڕەپانەکە، بەڵام کاتێك هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە فەرەنسا بە پاڵپشتی کۆنەپارێزان بەرەو دواوە ڕۆیشت، چونکە بانگەشەی کۆتایی دەقیان دەکرد، هەڵوەشاندنەوەگەراییە تازەکان لەپێش هەموویانەوە، جاك دریدا بەرەو ژینگەی فرەلایەنی ڕۆشنبیری کە ئەمریکا بوو ڕۆیشتوە، لەوێ قوتابخانەیەکیان تایبەت بە خۆیان پێکهێنا کە درێژە پێدەری فەرەنسییەکە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی پەرەپێدراو، تا لە کۆتاییدا بوو بە قوتابخانەیەکی تایبەتی ئەمریکی بەدەر لە ڕەگ و ڕیشە فەرەنسییەکەی[١٨].

بایەخدان بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەزموونی ڕەخنەی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە بەرهەمەکانی کەسانی پێشەنگی وەك (ڕولان بارت) و (جاك دریدا) وەرگێڕدران بۆ زمانی عەرەبی، هەندێ لە لێکۆڵەران یەکەم توێژینەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥ز کاتێك (عبدالله محمد الغذامي) لە کتێبی (الخطیئة والتکفیر)دا باسی میتۆدە ڕەخنەییە زمانەوانییەکان دەکات، هەروەها لە کتێبی توێکاری دەق (تشریح النص)دا ساڵی ١٩٨٧ز خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ چەند دەقێکی نوێی شاعیرە تازەکان کردووە. دیسان ساڵی ١٩٩٤ز (الغذامي) لە کتێبی قەسیدەو دەقی هاودژدا (القصیدة والنص المضاد) باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە پاڵنەر بوون بۆ برەودان بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ئەم جۆرە خوێندنەوە خوێنەر بەرەو قوڵایی دەقی ئەدەبی دەبات، لەم بارەیەوە (محمد الغذامي) دەڵێت: "لەبەرئەوەی ئێمە

[16] هەروەها بڕوانە: کریستو فرنوریس، شالودەشکنی، ل١٢.
[17] فیصل الاحمر، معجم السیمیائیات، ص٣٣٥.
[18] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٣٣٦.

لەناو دەقدا خوێندنەوەو ڕەخنە پراکتیزە دەکەین، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە ڕۆدەچینە قوڵایی ناوەوەی دەقەکانەوە، تا هوشیاری خۆمان بەرزبکەینەوە ئەوکاتە دەبینە لایەك لە دیالۆکی کراوە کە لەسەر بەرهەڵستی و هاودژ بونیاد دەنرێت، چارەسەرو دژو توێکاری (الحل والنقض والتشريح) دەبنە هۆکارێك بۆ کردنەوەی بازنەی ئەڵقەکان، تا لە ڕێگای ئەوانەوە بچنە نێویانەوە"[19].

یەکەم بایەخدان بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەب لە سەرەتای حەفتاکاندا، ئەمەش کۆمەڵێ بچووکی ڕەخنەگرانی لەخۆدەگرت لەوانە: (هارولد بلوم) (يوچنيو دوناتو) (پول ديمان) (جيفرى هارتمان) (ج.هيليس ميللر) (جوزيف ريدل).

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کۆمەڵێکی بچوکتر لە ڕەخنەگران لەوانەی لەدوای ١٩٤٤ز لەدایکبوون، ئەمانە پێیان دەگوترێ هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان، لەوانە: (شوشانا فيلمان) (باربارا جونسون) (چيفرى ميلمان) و چەند ناوێکی تریش، ئەمانە تەنها لە یەك زانکۆ کۆنەبونەوە، بەڵکو بە کۆمەڵێك زانکۆدا بڵاوەیان پێکرابوو، بەڵام کەسایەتی سەرەکی کە ڕۆڵی لە پێکهێنانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمریکی هەبوو، فەیلەسوفی فەرەنسی جاك دریدا بوو ساڵی ١٩٦٦ز لە کۆنگرەی بونیادگەرییەکان کە لە زانکۆی (جون هوبكنز) ڕێکخرا، ڕەخنەی توندی ئاراستەی هزری بونیادگەری کرد، دوای ئەو ساڵە سێ کتێبی گرنگی بڵاوکردەوە، کە ئەوانیش، دەربارەی زانستی نووسین (علم الكتابة) کەلام و دیاردەکان (الكلام والظواهر) و نووسین و جیاوازی (الكتابة والاختلاف). یەکەم کتێبیان هێرشکردنە سەر بونیادگەری بوو، دووەمیان ئاراستە کردنی ڕەخنەی توند بوو لە دیاردەگەرایی (هۆسرل)، سێهەمیشیان، یانزدە وتار بوو کە تێیدا هێرشکردن بوو بۆ سەر بونیادگەری دیاردەگەرایی (البنيوية الظاهراتية)[20].

"ڕەخنە زیاترە لە خوێندنەوە، تەنها ڕاڤەکردن و تأویلی دەق نییە، بەڵکو داهێنان و زانینێکی تازەیە لە دەقەوە سەرچاوە دەگرێت، پشتی پێدەبەستێت، هەمیشە ڕەخنە سەرمەشقی سەرەتاکانی وتەی تر بووە، ڕەخنەیش وەك هزر، تەنها بە پرسیارکردن نەبێت، نەشونما ناکات و دژی میتۆدی داخراوە، بۆیە هەمیشە دەستپێشخەر بووە"[21].

بەواتایەکی ورد هەڵوەشاندنەوە بەراوردکردنێکی فەلسەفی دەقە، تیۆرێکی دوای بونیادگەرییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە جێگرەوەی بونیادگەری بێت، بەڵام سوود لە سیستمی شیکردنەوەکەی وەردەگرێت، لە فەرەنسا لەسەر دەستی جاك دریدا پەرەی سەند، دەتوانین بڵێین وەك میتۆدێك بۆ خوێندنەوەی دەق بەکاری هێنا. (دریدا) خۆیشی دان بەوەدا دەنێت کە لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفەکانی پێش خۆیدایە، لەوانە: (كانت) (نيتشه) (هۆسرل)[22].

---

[19] عبدالله الغذامي، القصيدة والنص المضاد، ص٨١.

[20] بڕوانە: د.محمد شبل الكومي، المذاهب النقدية الحديثة مدخل فلسفي، ص٣١٣ – ٣١٤.

[21] ادونيس، كلام البدايات، ص٢٧.

[22] ديفيد بشبندر، نظرية الادب المعاصر وقراءة الشعر، ص٧٥.

هەروەك دەردەكەوێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی نزیكترین پرۆژەیە بە هزری فەلسەفی، بە كولتوری هزری رۆژئاواوە لكێنراوە ، خۆی ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە تیۆرێك یاخود رێبازێك بێت، چونكە ئەم پرەنسیپە سەرەتایە، ئامادەنەبوونی واتایە ڕەتدەكاتەوە، هەروەها یاخیبونێكیش بووە بەسەر بونیادگەراییەكاندا، چونكە ئەمان واتە بونیادگەراییەكان بە پشت بەستن بە زمان، هەوڵیاندەدا دەستبگرن بەسەر دەلالەتی ناو دەقدا، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی بانگەشەی بێكۆتایی دەلالەت دەكات، ئەوە ڕادەگەیەنێت كە خودی خوێنەر بەرهەمهێنەری دەلالەتە، بەم بانگەشەیە داكۆكی لە نوێبونەوەی خۆی دەكات كە هێشتا وەك پرۆژەیەك تەواو نەبووەو لەهەمانكاتیشدا رزگاركردنی نوێگەرییە لەو داخرانەی كە بونیادگەراییەكان بانگەشەیان بۆ دەكرد[٢٣]. ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی نوسەرداین كە دەڵێ نوێگەری چەقبەستو و داخراو نییە، چونكە چەمك و دیدو بۆچوون بەپێی پرەنسیپی تازە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

بنەماكانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە لای (دریدا)

١- هەڵوەشاندنەوەی هزری رۆژئاوایی و ڕەخنەگرتن لێی بەوەی هزرێكە بە دەوروبەری عەقڵدا چڕبۆتەوە.
٢- ئیدانەكردنی هزری رۆژئاوایی بەوەی سەنتەرەكەی دەسەڵاتی دەنگە.
٣- بانگەشەكردن بۆ لامەركەزیەت، واتە لامەركەزیەتی عەقڵ و دەنگ.
٤- بانگەشەكردن بۆ جێگیركردنی زانستی نووسین (علم الكتابة) وەك ئەلتەرناتیڤێكی گوتاری زارەكی (الخطاب الشفهي)[٢٤].

بەم شێوەیە (دریدا) میتۆدی بونیادگەری ڕەتكردۆتەوە، چونكە پابەندی زمان و دەنگ بووە، بەپێچەوانەوە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەسەر پرەنسیپی سەقامگیری (الثبات) خۆی بونیاد نانێت، هەروەها بەپێی سەنتەرێكی دیاریكراویش هەنگاو نانێت، پاشكەوتنی بونیادگەری لە سەرنەكەوتنیدایە لەمەڕ دیاریكردنی گشتی بزاوتی دالەكاندایە، لەهەمانكاتیشدا پێداگرتنیان لەسەر بابەتی بونیاد لە سیستمدا بەرەو چەند مەدلولێكی كۆتایی بردن، سەرەڕای ئەمانەیش بایەخ نەدانیان بە پێگەی كاریگەری خوێنەر، یەكێك بووە لە شكستەكانیان، بە بۆچوونی ئەوان، دەق واتا دەدات بە خوێنەر، لەهەمانكاتیشدا دەق ڕۆڵی بكەرو تەواوكەری ڕاستەوخۆیش دەبینێ، بەدەستهێنانی واتا بە روانگەی بونیادگەری لای خوێنەر پابەندە بەوەی كە پێكهاتەو سیستم و بزاوتی بونیادەكە لە سیستم و پێكهاتەكانی چی بە دەق دەبەخشن[٢٥].

دەتوانین قسە لەسەر هەندێ لە دەستكەوتە ڕەخنەییەكانی پرۆژەكەی (دریدا) لەمەڕ ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەین:

---

[23] عبدالغني بارة، تأصيل الحداثة، ص١٠٩.

[24] د.عماد حسين محمد، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، ص٥٩.

[25] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٦١.

١- **جیاوازی** (**الاختلاف**) Difference.

٢- **ڕەخنە لە سەنتەرگەرایی** (**نقد التمرکز**) Critique of Centricity.

٣- **یاری دال یاخود دالی عائم** (**لعبە الدال او الدال العائم**) Theory of play Grammatology.

٤- **زانستی نووسین.**

٥- **ئامادەو نائامادەیی** (**الحضور والغیاب**) Presence and Absence.

**ئەم پێنج خاڵە بەرەو ئامانجێکمان دەبەن کە پێمان دەڵێ هەموو شت لە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا ناهەمیشەییە، چونکە هەموو پێکهاتەو بونیادەکان لە دۆخێکی بەردەوامی ناکۆتاییان، ئەوەش ئەنجامی داڕوخانی نموونەی مرۆڤایەتی و ڕەتکردنەوەی ترادیسیۆنی داهێنانەی بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتییە بەرانبەر بە دەق، لەهەمانکاتیشدا بێباوەڕییە بە ڕاستی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی سەقامگیرییە[٢٦].**

**بەرانبەر بەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەکرێت بەوەی خوێنەر خۆی هەموو دەقەکە باردەکات بەواتای خۆی (د.عماد حسین) دەڵێت: "هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەسەڵاتی بەوە نەداوە کە خوێنەر واتا لەناو دەقدا دروستبکات، یاخود خوێنەر واتایەك بڵێ هیچ پەیوەندی بە دەقەکەوە نەبێت، بەڵکو مەبەست لە بێکۆتایی واتا ئەوەیە کە خوێنەر بۆی هەیە زیاد لە واتایەك بوروژێنێ بەشێوەیەك ئەو واتا تازەیە ئیجا لە دەقەکەوە وەردەگرێت، واتە دال یەك واتای نییە هەر لەسەری بوەستێت"[٢٧].**

**ئێمەش تەباین لەگەڵ ئەم بۆچوونە بەوەی کە خوێنەر هەر واتایەك بەدەستدێنێ دەبێت لە چوارچێوەی چەمکی دەقەکەدا بێت، واتە ڕایەڵەیەکی پەیوەندی واتاو دەقەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.**

**خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خوێندنەوەیەکی دوولایەنەیە، هەوڵدەدات هەرچۆنێ بێت، توێژینەوەی هەموو دەقێك بکات، یەکەم جار توێژینەوەیەکی ترادیسیۆنی (تقلیدی)، تا واتا ڕونەکەی بسەلمێنێ، دواتر ئەو واتایەی کە پێیگەیشتووە هەڵدەوەشێنێتەوە ئەمەش بە خوێندنەوەیەکی دژ بەوەی یەکەمە، تا درزێك دەکاتە نێوان واتای ڕوون و واتا شاراوەکەی دەق.**

**بەم پرۆژەی خوێندنەوە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەموو فەلسەفە ڕۆژئاواییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، جا ئەمەش خۆی لە واتای سەقامگیرو ڕاستی زانستی و شوناس و هوشیاری دا دەبینێتەوە، بەکورتی هەموو بنەماکانی گوتاری فەلسەفی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. دەتوانین بڵێین (دریدا) لەژێر کاریگەری (نیتشە) و (هایدگەر)دایەو، هەندێ جاریش ئەوانی تێپەڕاندووە، (دریدا) وایدەبینێ کە هزری ڕۆژئاوا لەسەر دوالیزمێکی دوژمنکارانە وەك دوالیزمی عەقڵ و سۆز، عەقڵ و لاشە، پیاو و ژن، زارەکی و نووسین، بونیادنراوە، لەم دوالیزمانەشدا گرنگی بە یەکەم دراوەو دووەم**

---

[26] بڕوانە: د.عماد حسین محمد، بئار النص، ص٦١.

[27] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٨٠.

پەراوێزخراوە، دریدا بەمەیش دەڵێت سەنتەریزمی لۆجیکی (تمرکز المنطقي) واتە سەنتەریزمی وشەو قسەیە[28].

(دریدا) ئارەزو بۆ سەنتەر دەگەڕێنێتەوە بۆ نەزعەی سەنتەری لۆگۆس خودی وشەی لۆگۆس یۆنانییە، بەرانبەرەکەی وشەیە، سەرەتا وشە هەبووە، وشەش بنەمای هەموو شتەکانە، گرەنتی ئامادەبوونی گشتی جیهانە، هەموو شتێ ئەنجامی ئەم تاك هۆکارەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئینجیل نووسراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەی یەزدان گۆکراوە (منطوقة) وشەی گۆکراویش لە لاشەیەکی زیندووەوە دەردەچێت نزیکترە لە هزری دروستکەر، تا وشەی گۆکراو، دریدا بۆچوونی وایە کە پێشخستنی گوتن (کلام) بەسەر نووسیندا بەواتایەکی تر نەزعەی سەنتەری دەنگ سیمایەکی بنەڕەتی دیاریکراوی سەنتەری لۆگۆس و وشەیە[29].

کاتێك دەقێك بەپێی هەڵوەشاندنەوەگەرایی شیدەکرێتەوە لێرەدا تەنها دۆزینەوەی واتاو دەلالەتە شاراوەکان کە نووسەر بە مێشکیدا نەهاتووە ئامانج نییە، بەڵکو دەقێکی تازە پێکدێت، پێویست بە هەڵوەشاندنەوە دەکات کە هەمان واتاو دەلالەتەکان ڕەتبکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ دەقێکی تر دروستبێت، ئەویش پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەیە، تا بێکۆتایی، بەواتای ئەوەی ڕاستییەکی تا سەر نییە، هەتا نرخێکی ڕێژەیشی نییە، ئەمە خودی هەڵوەشاندنەوەش دەگرێتەوە[30].

دەتوانین سیماکانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە دوو هەنگاو دیاریبکەین، یەکەمیان خوێندنەوەیەکیترادیسیۆنی ئامانجەکەی دیاریکردنی شوێنە تەمومژاویەکان و هەڵوەشاندنەوەی سەقامگیرەکانە، لەم هەنگاوەدا خوێنەر وا چارەسەری دەق دەکات بەوەی پێکهاتەیەکی زمانەوانییە، تێدا لایەنە ڕەوانبێژییەکان دەدۆزرێتەوە، دووەمیشیان گەڕانە بەدوای بونیادی گۆڕاو، تا بیخاتە دۆخێکی پارچەپارچەکراو، دواتر سەرلەنوێ بیەکەوە گرێیان دەدات، بەڵام بەشێوەیەکی جیا لە ئەرکی توخمە سەرەکییەکان کە پێکهێنەری دەقن بەشێوەیەك ئەوەی پەراوێزخراوە دەبێتە کرۆك ئەوەیشی کرۆکی دەقەکەیە دەبێتە پەراوێز. گۆڕانی ئەرکی ڕەگەزەکانی دەق بەپێی کۆمەڵێك پرەنسیپە تایبەتە بە نیشانەو ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو ئامانج لێی دەرخستنی ڕۆڵی تاکی خوێنەرە لە پێشکەشکردنی دەق و ڕاڤەکردنی بەشێوەیەك لەو وتەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت هەموو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەق ڕەتکردنەوەی پێش خۆیەتی، ئەمەش وادەکات کە دەق کراوەو بێکۆتایی بێت، ئەمەش ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ غەزوکردنی لەلایەن هەموو یەکەیەکی زمانەوانییەوە کە بەشدارە لە پێکهێنانیدا. کاتێك دەستدەکرێت بە خوێندنەوەو ڕاڤەکردن، هەموو سەقامگیرییە ترادیسیۆنە ڕەخنەییەکان دووردەخرێنەوەو مامەڵە لەگەڵ نیشانەی زمانەوانی لەسەر بنەمای بێسەقامگیری ڕاڤەکردنێکی ئازادو ڕەها دەکرێت، بەشێوەیەك کە خۆنابەسترێنەوە بەهیچ

---

[28] د.میجان الرويلي، د.سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص١٠٨.

[29] د.محمد شبل الكومي، المذاهب النقدية الحديثة مدخل فلسفي، ص٣١٥.

[30] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٣١٩.

مەبەست و سەنتەرو لۆجیکی زانستی دیاریکراو، تێدا خوێنەر وا دەردەکەوێت کە تاکە سەرچاوەیە لەیەك کاتدا واتا دیاریدەکات و لێیدەکۆڵێتەوە. بەپێی ئەم بنەمایە تاکی خوێنەر واتا دادەنێ و دیاریدەکات بەبێ گوێدان بە واتای ناو دەقەکەو مەبەستی دانەر، چونکە باوەڕی پێی نییەو هەستیش بە بوونی ناکات لەناو دەقەکەدا، ئەو پرەنسیپەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کە پێی وایە دەق بێ خوێنەر بوونی نییە، ئەو خوێنەرەش لە هەر خوێندنەوەیەکدا بە ئەرکی نووسەر جێبەجێدەکات، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە خوێنەر هەوڵنادات کەشفی دەلالەتەکانی دەق بەپێی تایبەتمەندییەکانی خودیی و بابەتی بکات، بەڵکو بەپێی بۆچوونی دەروونی و وێناکردنی کەسی خۆی دەیکات[31].

(د.ایمان عیسی الناصر) بە سێ خاڵ ئاوڕ لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەداتەوە.

یەکەم: هەڵوەشاندنەوە هزری پەرتبوونی (التشظی) هەڵتەکاندوە لەپێناو سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی مەعریفی بۆ هەموو سەلمێنراو (مسلمات) و گریمانەکان.

دووەم: ئەو هزرەیە کە نایەوێ توێژینەوە لە ڕاستی بکات، بەڵکو دەیەوێت توێژینەوە لە چۆنێتی پێکهێنانی ڕاستی و دژەکەی بکات.

سێیەم: پراکتیزەکردنی ئەم فەلسەفەیە بەسەر گوتاری ئەدەبیدا چارەسەری زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکان دەکات گرنگترینیان توانای ئەم گوتارەیە بۆ فرەدەلالی لەلایەك و توانای بوونی وێنایەکی تیۆری بۆ بەدواچوونی پێکهێنانی ئەو گوتارەو پێشوازیکردن لێی، هەرچەند هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بناغەدا میتۆدێکی فەلسەفییە، ئامانج لێی ڕزگارکردنی گوتاری فەلسەفییە لە سەنتەری میتافیزیکی هێنانی ئەم زاراوەیە بۆ کێڵگەی توێژینەوە ئەدەبیەکان دەتوانی یارمەتیدەری ڕەخنەگری ئەدەبی بێت، تا بەرەو قوڵایی میکانیزمەکانی دەق بڕوات[32].

(دریدا Derrida) خاوەن تیۆرێکی ناسراوە بەناوی سەنتەریزمی وشە (Logo Centrism) و میتافیزیکی ئامادە (میتافیزیقیا الحضور) خوێنەرو ڕاڤەکەری زۆر لە بەرهەمەکانی (ڕۆسۆ، سوسیر، فروید، ئیفلاتون، جان جینیه، هیکل، مالارمیه، هوسیرل، اوستن، کانت)ە[33].

زۆر لە ڕەخنەگران لەسەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی دواون "خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی خوێندنەوەیەکی بەرفراوان و گۆڕاوە (متغیرة) بەپێی قۆناغی مێژوویی و ڕۆشنبیری خوێنەر کە تێدا دەژی، بەپێی ئەم تێگەیشتنە، واتای دەق واتایەکی بێکۆتاییە، واتایەکی کراوەیە خۆی دەبەستێتەوە بەو زەمەن و مێژوویەی کە خوێنەر تێدا دەژی، لێرەدا ئەرکی خوێنەر دۆزینەوەی دەق نییە، بەڵکو سەرلەنوێ نووسینەوەیەتی"[34].

---

[31] بڕوانە: د.سمیر سعید حجازي، قضایا النقد الادبي، ص٩٧.

[32] د.ایمان عیسی الناصر، وحدة النص وتعدد القراءات التأویلیة في النقد العربي المعاصر، ص٩٧.

[33] د.ابراهیم محمود خلیل، النقد الأدبي الحدیث من المحاکاة الی التفکیك، ص١١٠.

[34] د.سمیر سعید حجازي، قاموس مصطلحات النقد الادبي المعاصر، ص٤٦.

" هەڵوەشاندنەوەگەرایی لای دریدا لە شیکردنەوەی سیمیولۆژی بۆ پێکهێنانی ئایدیۆلۆژیای بۆماوە (ایدیولوجی موروث) خۆی دەبینێتەوە، پارچەکردنی ڕەگەزەکانی دەقە بۆ یەکەی بچووك و گەورەو پرۆسەی تێگەیشتنی پێکهێنانی کاری ئەدەبییە"[٣٥].

واتا راستەوخۆکەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی گومانایییە، دریدا خۆیشی بەگومان بووە لە وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی تر، بەڵام لەڕووی دەلالەتی هزرییەوە دەوڵەمەندە، چونکە لەڕووی قوڵی دەلالیدا سەرلەنوێ خوێندنەوەی گوتارو سیستمە هزرییەکان دەگەیەنێ، ئەمەش پشت ئەستورە بە رەگەزو قوڵبوونەوە بەناویاندا، تا بەتەواوەتی واتا شاراوەکان دەربکەوێت[٣٦].

هەڵوەشاندنەوەگەرایی تێدەکۆشێت ئاماژەپێکراوێك (مدلول) بەرجەستە بکات کە پابەند بێت بە جۆرێك لە خوێندنەوەو ئامادەکردنی نائامادە (المغیب) بۆ دەوڵەمەندکردنێکی بەردەوامی مەدلولەکان بەبێ فرەخوێندنەوەی ئاماژەپێکەرەکان، ئەمەش بەرەو یەك لەدوای یەکی بێکۆتایی دەلالەتەکان دەڕوات، هەروەك چۆن رەخنەگری هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمەریکی (بول دیمان) ئاماژە بە کۆتایی سەردەمی کاری ئەدەبی دەکات و مژدەی دەستپێکی سەردەمێکی تازە دەدات ئەویش سەردەمی دەسەڵاتی خوێنەرە (عصر سلطة القارئ).

هەڵوەشاندنەوەگەرایی وا سەیری گوتار دەکات کەوا سیستمێکی تەواونەکراو بێت، تەواوکراوەکەی تەنها لایەنی گۆکردن دەگرێتەوە، ئەویش دیمەنی هێڵیە، کۆڵەکەکەیشی دالەکانە، ئەمەش بەرەو ئەو واتایە دەڕوات کە بڵێین گوتار دوای مردنی نووسەرەکەیشی بە بەردەوامی بەرهەمدێت و نامرێت، لەبەرئەمەیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بانگەشەی نووسینی دەکرد، نەك قسەکردن، چونکە یەکەمیان، زەرورەتی مانەوەی دوای مردنی بەرهەمهێنەرەکەی بەهێزترە لە دووەم، بەڵام دووەمیان واتە قسەکردن (الکلام) بوارەکەی کەمترە، تەنها لە چوارچێوەی دیاریکراودایە.

(دریدا) دوای توێژینەوەی بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی و دیالۆکەکەی ئەفلاتون لە (فیدروس)دا گەیشتە ئەو ئەنجامە ئەگەر قسەکردن چوارچێوەیەکی ئامادەیی و ناسنامەو یەکێتی بەڵگەنەویست بێت، ئەوا نووسین چوارچێوەیەکی نائامادەو جیاوازی و فرەیی و لەیەکنەچوونە (التباین)[٣٧].

گرنگترین پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

١- دریدا لەم خاڵەوە بە هەتاهەتایی و رەهایی لۆگۆس و ئیحتیوای میتافیزیکی کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر بیری رۆژئاوادا پیادەکردبوو رەتدەکاتەوە، داوادەکات ئەو فەلسەفەی کە کرۆکەکەی ئامادەبوونەو عەقڵ سەرمەشقێتی جیابکرێتەوە، نهێنیەکەیشی تەنگژەی بیری رۆژئاوایە کە پشت بە تیشکۆی (بؤرة) سەرەکی دەبەستێت وەك ڕەچەڵەك، مرۆڤ رەگەزەکانی تر پەراوێز دەخات و

[35] د.سعید علوش، معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة، ص١٦٩.

[36] عبدالله ابراهیم وآخرون، معرفة الآخر مدخل الی المناهج النقدیة الحدیثة، ص١١٤.

[37] د.بسام قطوس، المدخل الی مناهج النقد المعاصر، ص١٤٤.

دەکەوێتە راستییەکی واهیمەدارەوە[38] کە دەبێتە دەستنیشانکردنی بوون، هەرشتێك بنەڕەتی بێت وەك پێویستی بوونی هەیە، هەروەك (دیکارت) لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" من لە دەرەوەی بواری گوماندایە، چونکە بۆ خۆی بەهۆی کاریگەریی بیرکردنەوەوە ئامادەیە[39]، بەمە زمان ئەم جیاکاریی و واقیعیەتی ئامادەکاریی شت دیاریدەکات، کەواتە ئامادەبوون بنەمای ئەو مەعریفە ڕاستەقینەیەیە کە هەمانە، ئەمەش خاڵێکی هەڵەیە بەهۆی بانگەشەی سەنتەریزمی وشەوە، هەروەها ئەوە تێبینی دەکەین دریدا ویستویەتی لە ڕێگای ئەم تێزەوە ڕەخنە لە بیری (سوسیر) بگرێ کە کۆی بایەخدانەکەی وشە بەناوی ئامادەبوونی خودیی وشیاریی خودی تەواودەبێت.

کە تەوەری سەرەکی لە ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراودایە، ئەمەی دواییان کە دریدا بە بێهودەو نەشیاوی دەبینێت، ئەم بۆچوونە جێگرەیش وای لە بیری رۆژئاوا کردووە کە ئاخاوتن لە بووندا پێشبکەوێت هاوشێوەی هزری فەلسەفی کۆن، لەسەر ئەم بنەمایەش هزری بونیادگەری تێکدەشکێنێت، کە بۆ دیاریکردنی واتاو دەلالەتی وشەکان لە بازنەی عەقڵدا دەخولێتەوە، ئەمەش بەپێی بۆچوونی ئەو کارێکی بێهودەیە، چونکە هەواڵەی نیشانەکانی پێش و پاشوومان دەکات کە وادەکات بەیەکجاری ئامادەبوونی واتاو شوناسەکەی ڕەتبکاتەوە، واتا تەنها لە شێوەی ئامادەبووندا دەجوڵێت، چونکە هەمیشە لە بزاوتن و دواخستن و کامڵبووندایە[40].

وێنەی زەینی واهیمەداربوونی ئەو شتەمان بۆ دەسەلمێنێت ڕاستییەکی گریمانکراویشی بەسەردا دەڕژێت کاتێك دەڵێن وشەیەك واتای ئەوە دەگەیەنێت، ئەوە شێوەیەك لە شێوەکانی چڕکردنەوە بۆ راستییەکەی ئەو واتایەی پێدەبەخشێت، نەك واتایەکی تر لە ڕێگای بەکارهێنانییەوە لەلایەن کەسێکەوە لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا[41].

لەبەرئەمە واتای کۆتایی دەق هەیە سیمای ئامادەبوونی ڕەهای هەڵگرتووە، ئەمەش پەیوەندی دژیەکی ناوەیەتی جگە لە کارکردنی ژێرخانی بۆ شێواندنی چەسپینەکەی تا وایلێدێت دوچاری تەنگژەی ئامادەبوون ببێت، تا هەموو ئاماژەیەك ونبکات کە بانگەشەی داخرانی گشتی واتا دەکات.

٢- سەنتەریزمی دەنگ و سەنتەریزمی وشە دریدا وای دەبینێ کە پەیوەندی دەنگ وشە بە سەنتەریزمی عەقڵی مرۆڤی رۆژئاوا ڕوکردنە دەسەڵات ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ جیاوازییەکی هەستی و ناهەستی، لێرەدا نرخ بۆ وشە دەبێت ئەوەکانی تر فەرامۆشدەکرێت، ئاراستەکردن بەلای وشەو جەخت کردن لەسەر سەنتەریزمی لەژێر ناوی ئاماژەپێکەری ناویی (دال اسمی) کۆتاییەکەشی ئاماژەپێکراوی ناوییە (مدلول اسمی)[42].

---

38 محمود العنيزي، الاتجاهات الأدبية والنقدية الحديثة، ص١٢٥.

39 صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص١٣٥.

40 مجموعة مؤلفين، النقد الادبي المعاصر قضاياه واتجاهاته، ص٢١٦.

41 ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني، ص٩٤.

42 مدان ساروب، دليل تمهيدي الى ما بعد البنيوية وما بعد الحداثة، ص٥٤ – ٥٦.

هەروەها هۆی بێدەسەڵاتی مەعریفی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە ڕەوانبێژی و خواستن هەر لە کۆنەوە دەنگ خۆی زاڵکردبوو بەسەر میتافیزیکی ڕۆژئاوادا، هەر لە ئەفلاتونەوە بگرە، تا سەدەی بیستەم، هەموو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان پێیان باش بووە مامەڵە لەگەڵ دەنگدا بکەن، چونکە ڕوون و ئاشکرا بووە، بەڵام لەبەر ناڕوونی دەلالەتەکان و نائامادەیی سیاقی گەیاندن خۆیان لە نووسین دورەپەرێز دەگرت، (سوکرات) و (ئەفلاتوون) نووسینیان بە عەقڵێکی سڕکردوو داناوە[43].
ئەوان بەم شێوەیە ویستویانە بەشێوەیەکی مەعریفی لەژێر ڕکێفی یاسایەکی بەندکراودا، بونیاد بنێن، بەم شێوە توندەیش داهێنان دەمرێت، بەڵام دریدا دژ بەم جیهانبینیە بووە بەوەی زمانی نوسینی لەگەڵ گوتن و گۆی زارەکی هاوتا کردووە، هەروەك چۆن گوتنی گۆکراو شێوەیە لە شێوەکانی نووسین[44].
٣- نووسین- جیاوازیی- دواخستن (الکتابة) (الاختلاف) (الارجاء) ئەمە ئەو سێ بنەمایەن کە جاك دریدا دایهێناون جەخت لەسەر شێواندنی کپی مێژین دەکەن، نووسین لای دریدا چەمکی ترادیسیۆنی و باو ناگەیەنێ، (پیت) یاخود، نەخشی بینراو، نووسین دەبێت بە سەنتەر، تا پێش قسەکردن بکەوێت و بچێتە گفتوگۆیەکی ئاشتیخوازانەوە لەگەڵ زماندا[45].
نووسین پانتاییەك بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان دەرهێنەرو ئەکتەردا دادەپۆشێت دەربارەی جموجۆڵ، مۆسیقاو ئەو دیمەنانەی کە لەسەر تەختە دەکرێن بێ هیچ فەرمانێکی سەپێنراوی بەزۆر، ئەمیش هەماهەنگی گشتی نێوان وتراو ئەوەی لێدەبێتەوە کە پەنا دەباتە بەر تەقینەوەی خامۆشی و بێدەنگ وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ خوڵقاندنی بەرهەم و داهێنراوێك لەگەڵ چاوەڕوانکراو ئەڵقەی چەسپاندا یەکبگرێت، لە ڕێگای ئەم پەیمانە ئاشتیخوازانەی نێوان وشەو نووسیندا، هەڵوەشێنەرێکی تر دەرئەپەڕێت، هەڵبژاردنی دەستوری وشە دەکێشێنێتەوە لەلایەن ئەو وێنە ڕوخسارییەی کە دریدا بەمەبەست پشتی پێدەبەستێت، تا ڕاستی دۆزینەوەکە بسەلمێنێت، ئەویش جیاکارییە، کە تێدا یاری بە پێکهاتەی وشەیی دەکرێت، تا هزری تێکدەری میتافیزیکی ئامادەبوو تێبپەڕێنێ، ئەمەش وا لە ڕەخنەگران دەکات پرسیار لە کرۆك و بنەماکەی بکەن ئایە جیاوازییە یان دواخستنە[46].
هزری ڕۆژئاوایی پێش ڕەوتە نوێگەرییەکان، باوەڕی بە ئامادەبوون هەبووە، واتە هزر، باوەڕ بە هیچ شتێك ناکات، تەنها ئامادەبوونێك نەبێت لە هۆشیاریدا، ئەمەش شێوەی دەلالەت و واتا وەردەگرێت، هەموو واقیعێك بەلایانەوە عەقڵانی بووە، واتە پێویست بووە لە هۆشیاریدا ئامادەبێت و چەمکە عەقڵانییەکە نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵام هزری ڕۆژئاوایی لە ئەنجامی شۆڕشەکان هەمیشە لە گۆڕاندا بووە، تا وای لێهات باوەڕ بە دژ بکات، واتە بە هزری نائامادە (الغیاب)، ئەمەش واتای ئەوەیە کە لە خودا لایەنێکی شاراوەو نهێنی هەیە کە ئامادەبوونی لە هۆشیاریدا نییە، بۆ هزریش

43 مجموعة مؤلفين، النقد الأدبي المعاصر قضاياه واتجاهاته، ص٢١٥.
44 ابراهيم خليل، في النقد الادبي والنقد الالسني، ص١٠٠.
45 رضوان جودت زيادة، مدى الحداثة وما بعد الحداثة في زمنها القادم، ص٦٠.
46 هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٦١.

نییە نوێنەرایەتی بکات و ڕەنگدانەوەی بێت، بۆیە هەمیشە لە نائامادەییدایە، ئا بەم بیرۆکەی نائامادەبوونەوە (جاك دریدا) پێشەوای هەڵوەشاندنەوەگەرایی هاتە گۆڕەپانەکە[47].

لای بونیادگەراییەکان بەزۆری خوێنەر لەژێر ڕکێفی دەق و تواناکانی ناو دەقدایە، سەربەست نییە، ناتوانێت لەخۆیەوە زۆر شت بۆ دەقەکە زیاد بکات، یاخود دەقەکە بارکات لە شرۆڤەکردن، بەڵام لای هەڵوەشاندنەوەگەراکان دانەر بەتەواوەتی مردووە، خوێنەر بە ڕێگای تایبەتی خۆی دەتوانێت شرۆڤە بکات. هەڵوەشاندنەوەگەراکان وەك بونیادگەراییەکان باس لە چەند خوێندنەوە ناکەن، بەڵکو باس لە بێکۆتایی خوێندنەوە دەکەن، ئەمەش لەژێر سێبەری بێئامادەبوونی سەنتەری دەقدایە، بەم شێوەیە دیسانەوە خوێنەر خاوەن دەسەڵاتی دیاریکردنی دەلالەتەکانە[48].

هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەگەڵ بونیادگەرییدا لەوەدا یەکدەگرنەوە بە جیاکردنەوەی ئاماژەپێکەرەو ئاماژەپێکراو (الدال والمدلول). زمان لای هەردوکیان لاساییکردنەوە نییە، بەڵام لە چوونە نێو وردەکاریی ئامازەپێکەرو ئاماژەپێکراو ناکۆکن، چونکە پەیوەندی نێوان ئەو دوانە لای هەردوکیان لەخۆوەیە (اعتباطیة)[49].

هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان بایەخێکی زۆر بە ڕۆڵی نووسین دەدەن، تاڕادەیەکی زۆر دەیخەنە پێش دەنگەوە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونە باوەکانی هزری ڕۆژئاوا بووە هەر لە (ئەفلاتون)ەوە تا (شتراوس)، گوتن (الكلام) جەوهەرو ڕەچەڵەك بووە، ئەم بایەخدانەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان بە نووسین لەجیاتی گوتن (الكلام) دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە گوتن لەڕوانگەی ئەوانەوە واتای مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی گوتار (الخطاب)و دانیەتی بە قسەکەر، بەپێچەوانەوە نووسین شرۆڤەیەکی زیاتر دەدات بە دەق و تێدا دانەر نائامادەیەو خوێنەر خاوەن دەسەڵات دەبێت، بەم شێوەیە نووسین دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ نائامادەبوون و هاودژی و فرەیی[50].

بەشی دووەم:

پراکتیزەکردن

خوێندنەوە لەڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە خوێندنەوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو شێوازێکە لە شێوازەکانی نووسین، بەواتای ئەوەی کاتێك خوێنەر دەقێك دەخوێنێتەوە ئەوە سەرلەنوێ دەینوسێتەوە، واتە سەرلەنوێ بەرهەمی دێنێتەوە کەواتە خوێندنەوەکە جۆرێکە لە دوبارە نووسینەوەی ئەوەی کەسێکی تر نووسیوێتی بەپێی ئەو یاسا سیستمێکەی دروستبووە، ئەگەر خوێندنەوە بەم شێوەیە نەبێت، ئەوا خوێندنەوەیەکی داهێنانە نابێت، بۆئەوەی داهێنانەش بێت، دەبێت خوێندنەوەیەکی تر تێپەڕێنێت. خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە بەراورد لەگەڵ دەقدا باوەڕ بەوە ناهێنێ بەوەی ڕون دیارە لە واتا، بەڵکو هەوڵدەدات هەڵیبوەشێنێتەوە بۆ گەڕان

47 د.عبدالعزيز بن عرفه، جاك دريدا، التفكيك والاختلاف المرجأ، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ٤٨/٤٩، ١٩٨٨، ص٧١-٧٢.

48 د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص١٩٠.


49 هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٩٢.

50 محمد جمال باروت، في منطق مابعد الحداثة، مجلة الكرمل، العدد ٥٢، ١٩٩٧، ص١٤٨.


بەدوای واتای تردا کە هاودژبێت لەگەڵ ئەوەی ڕون و ڕێگە پێدراوە، کەواتە لەڕوانگەی ئەمانەوە دەق ناتەواوە پڕە لە کەلەبەر دەقی تەواوکراو نییە.
لەڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەکانەوە دەق پێچەوانەی بونیادگەراییەکانە واتە دەق بەرەو سیستم و هاوشێوەیی (النظام و التشاكل) لەسەر هەموو ئاستەکان لەوانە: مۆرفۆلۆژی، دەنگی، دەلالەتی ناڕوات، بەڵکو پێچەوانەی بونیادگەراییەکان ئەمان گومان لەمانەی ناو دەق دەکەن، بە ڕوانگەی ئەمان بەرەو دورکەوتنەوەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت.
بە بۆچوونی (دریدا) هەمیشە واتا دواخراوە (تأجيل) پێویستە پێی بگەیت، بەڵام گەیشتن بەیەك واتا هەمیشە ڕونادات، هەمیشە واتا بۆ بەرژەوەندی واتایەکی تر هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەش خۆی لە زنجیرەیەك ڕاڤەو بەدواداچووندا دەبینێتەوە[51].
هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بونیادگەراییەکان لە دەقەوە دەستیانپێکرد بەوەی دەق خاوەن نهێنییە پێویستی بە تێڕامانە بۆ تێگەیشتنی کارای خوێندنەوە پێویستە لە سروشتی پەیوەندی دال کە وێنەی دەنگی وشەیەو، مەدلولیشی کە وێنەی زهنی دالە تێبگەین، ئاماژەپێکەر (دال) نوێنەرایەتی دۆخی ئامادە دەکات، ئاماژە پێکراویش (مدلول) دۆخی نائامادەیە، ئا لەم کاتەدا ڕۆڵی خوێنەر بانگکردنی ئەو نائامادەیەیە، واتە بانگکردنی گەڕانە بەدوای وێنا زهنییە نائامادەکەیە، تا ناتەواویەکەی پڕبکاتەوە ئەمەش لەڕوانگەی ئەو پەیوەندییە حەتمیەی نێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراوە دەبێت هەمیشە ئاماژەپێکراو لەژێر ڕکێفی ئاماژەپێکەردا بووەو بێ ئەو بوونی نەبووە.
لە ئەنجامی بوونی گومان لای هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان لە پەیوەندی نێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو گومانیشیان خستە سەر هزری ئامادەبوون (الحضور) واتە ئامادەبوونی واتا لە ئەنجامی ئاماژەپێکەرەوە ئەمەش واتاکەی هەمیشە خستۆتە دۆخی نائامادەوە[52].
"هیچ خوێندنەوەیەك بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە هەڵگری واتای تەواو بێت، یاخود دەم لە سەنتەری واتا بدات، یان هزری گشتی دەقەکە بڵێت هەموو خوێندنەوەیەك یەقین نییە، هەمیشە ئامادەی تێدایە، تا لە بۆشاییەکانی نووسین یاخود لەو پانتاییە سپیانەی واتای تری لێبەرهەم بهێنێ"[53] بۆ تێگەیشتنی ورد لە پەیوەندی سێ گۆشەی دانەر، دەق، خوێنەر بە هەندێ لە میتۆدەکان کە بابەتی ئێمەن سەیری هێڵکاری ژمارە (١) و (٢) بکە.


---

[51] بڕوانە: د.وليد قصاب، مناهج النقد الأدبي الحدبث، ص١٩٩ – ٢٠٠.
[52] د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص١٩٨.
[53] احمد على الكردي، مفهوم الكتابة عند جاك دريدا، مجلة الفصول، المجلد الرابع عشر، العدد الثاني، ١٩٩، ص٢٢٩.


نووسەر
میتۆدە
ڕەخنەییەکانی
سەدەی
نۆزدەیەم
میتۆدی
دەروونناسی
میتۆدی
مێژوویی
میتۆدی
کۆمەڵایەتی
خوێنەر
دەق
پاش بونیادگەری
پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم
میتۆدی
هەڵوەشاندنەوەگەرایی
تیۆری وەرگرتن
بونیادگەریی
جاك دریدا
ئایزەر
ڕۆبیرت یاوس
تۆدوروف
جولیا کریستیفیا
ڕۆلان بارت

خشتەی (١)


ناوەوەی دەق
بونیادگەری فۆرمالیستی
بونیادگەری پێکهاتە
دەرەوەی دەق
داخران (الانغلاق)
دەق واتا دەدات
بونیادگەری
دەق
هەڵوەشاندنەوەگەرایی
کرانەوە (الانفتاح)
خوێنەر (القارئ)
خوێنەر
خوێنەر واتا دەدات بە دەق
خەیاڵی خوێنەر
وێناکانی خوێنەر
بێکۆتایی واتا


بونیادگەری
گەڕان بەدوای دەلالەت لەناو دەقدا
دەق
هەڵوەشاندنەوەگەرایی
بانگەشەی بێکۆتایی دەلالەت لەلایەن خوێنەرەوە
جیاوازیی (الاختلاف)

خشتەی (٢)

ئەم نیشتمانە نیوەڕوان کە ئەیبینی
خۆیمان لێ ئەکا بە "گاندی" و
لە شەویشدا "بۆکاسا"یەو
بەیانیان سۆفییەکی نوورانیەو
ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاج)ی
لەبەردایە!

بە رۆژ ئەو درەختی شیعرەو
بە شەو تەورە
بە رۆژ تیرێژی هەتاوەو
بە شەو قەمەی شەوەزەنگە!

شەوی ڕابردوو نەنووستم
ئەوەندە نانی شەل و کوێری ئەم ولآتە یەخەی گرتووم
شەوی ڕابردوو نەنووستم
ئەوەندە سکالآی: گەلآی غەدر لێکرو
پۆلە چۆلەکەی برسی، پۆلە شەپۆلی تینوو،
پۆلە گوڵی چاو بە فرمێسک ڕەوە ئەسپی ماندوو،
هاواریان لێکردووم[٥٤]

نیشتمان لە رووی جوگرافیاوە بەو پارچە زەوییە دەگوترێ کە گەل تیایدا نیشتەجێیە، لە دەقی شیعریدا بە دەلالەتی جۆراوجۆر تەوزیف کراوەو ڕەهەندی جیاوازیشی وەرگرتووە.
ئەگەر لەڕوانگەی ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراوەوە سەیری ئەم دەقە بکەین، دەتوانین بە تێڕوانینێکی روکەشییەوە واتای ئامادەی ناو دەقەکە دیاریبکەین، بەوەی دەقەکە لە سەرباس کە (نیشتمان)ەو ناوەڕاست و کۆتایی پێکدێت، سەرتاسەری دەقەکە بێزارییە لە وشەی نیشتمان، تاڕادەیەك ئاماژەپێکەرەکان لە واتا فەرهەنگییەکەوە نزیکن، بەلآم ئەگەر بمانەوێ سەرلەنوێ توێکاری دەقەکە بکەین، تا واتا شارەوە نووستووەکانی ناو دەقەکە بدۆزینەوە، ئەوا لێرەدا ئامانجمان واتا نائامادەییەکان دەبێت کە ئەمەش بەپێی پرەنسیپە تیۆرییەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی تاك ڕەهەند نییەو، بێکۆتاییە و خودی خوێندنەوەکەیش دوا خوێندنەوە نابێت، چونکە میتۆدە کلاسیکیەکان کار لەسەر دەلالەتێکی دیاریکراو دەکەن، بەلآم پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەرکی تێکدانی کۆدەنگی دەلالەتەکانە.

---

[54] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، ل١٥٩.

لە کۆپلەی یەکەمدا دەقەکە بۆتە گۆڕەپانی ناتەبایی، نەك رێککەوتن، ئەمەش خۆی لە وشەکانی (گاندی) و (بۆکاسا)دا دەبینێتەوە، هەردوو ئاماژەپێکەرەکە هەواڵەی دوو ئاماژەپێکراوی ترمان دەکەن کە دژبەیەکن، واتە لێبوردەیی، خۆشەویستی، یەکسانی...تاد بەرانبەر ستەم، ڕق، کینە، کوشتن، خوێنڕشتن.

بەیانیان سۆفییەکی نوورانیەو

ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاج) ی

لەبەردایە

هەردوو وشەی (بەیانیان) و (ئێواران) بە هەردوکیان دوالیزمی زەمەنیی ناو دەقەکە پێکدەهێنن، کە ئەمەش زیاتر لە پرەنسیپەکانی میتۆدی بونیادگەرییەوە نزیکە نەك میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، چونکە پرەنسیپەکانی ئەمان بەزۆری خۆیان لە دوالیزم بەدوور دەگرن. وشەکانی سۆفییەکی نورانی بەرانبەر (بارق) و (حەجاج) هاودژی و ناتەبایی دروستکردووە، نەك ڕێککەوتن.

وشەکانی ناو ئەم پێنج دێڕە گاندی، بۆکاسا، سۆفی، بارق، حەجاج، ئاماژەپێکراوی دەقەکە بەرەو پێنج دەقئاوێزانی مێژوویی دەبەن کە لەناو دەقەکەدا تەوزیف کراوە.

نیشتمان لە بزاوتێکی جیوەییدایە (الحركة الزئبقية) سەنتەرێکی سەقامگیری لە دەقەکەدا نییە، هەرجارە بەشێوەیەك خۆی دەنوێنێ، جارێ ناوە جارێکی تر درەختەو بەیانیەکیش سۆفییەکی نورانییە. سەقامگیرنەبوونی نیشتمان و هاتووچۆکردنی لەم سەری دەقەکەوە بۆ ئەو سەری لە ڕەهەندو پێگەی جیاوازدا خۆی لە خۆیدا پراکتیزەکردنی پرەنسیپێکی هەڵوەشاندنەوەگەراییە کە پێی وایە دەق بونیادێکی دیاریکراوی نییەو، خۆی لە سەنتەرگەرایی دووردەخاتەوە.

بەپێی پرەنسیپی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە دەقدا یەك ئاماژەپێکراوی (مدلول) دیاریکراو نییە، بەڵکو بێکۆتاییە، بۆ نموونە، لەم دەقەدا دەکرێ نیشتمان کەس بێت، بارودۆخی سیاسی بێت، دەسەڵاتێکی دیاریکراو بێت...تاد.

ئەگەر لە رووی زمانەوانییەوە لە وشەی نیشتمان وردبینەوە، ئەوا بۆچوونەکەی (دی سوسێر)مان بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت زمان لەخۆوەیە (اعتباطية) بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەنگەکانی وشەی نیشتمان لە زمانی کوردیدا بکەین و بزانین بۆچی کورد ئەو دەنگانەی هەڵبژاردووە، تا گوزارشت لە واتا بکات لە ئەنجامدا هیچ هۆکارێکی لۆجیکیمان دەستناکەوێت دەتوانی لەجیاتی ئەوە وشەی تر بەکاربهێنێت.

بە ڕۆژ ئەو درەختی شیعرەو

بە شەو تەورە

بە ڕۆژ تیرێژی هەتاوەو

بە شەو قەمەی شەوەزەنگە!

دیسانەوە نیشتمان لە گەشتی ناو دەقدایە، ئەمسەروسەر دەکات، بە ڕۆژ میهرەبان و دڵنەرمەو بە شەویش گیانکێشی ڕۆحە، واتە لەو کۆپلەیەدا دیسانەوە دەقەکە دەچێتە پانتایی ناتەباییەوە نەك ڕێككەوتن.

نیشتمان ← دوالیزم
- ڕۆژ ← درەختی شیعر
- شەو ← تەور

نیشتمان ← دوالیزم
- ڕۆژ ← تیریژی هەتاو
- شەو ← قەمەی شەوەزەنگ

مەبەستمان لەم هێڵکارییە دەرخستنی دوالیزمەکان نییە، چونکە ئەوە پرەنسیپی بونیادگەرییەکانە، بەڵکو جەختکردنمانە لەسەر پەیوەندی هاونشینی کە چۆن وشە لە پەیوەندی ئاسۆییدا وشەی گونجاو بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.
ئەگەر لەڕووی هاونشینییەوە بڕوانینە ئەم دەقە دەبینین وشەکان لە شێوەی ئاسۆییدا گرێدراوی یەکترین. پەیوەندییە ئاسۆییەکەی ئەوان واتای شیعرەکە بۆ ئێمە مسۆگەر دەکەن، کە لە شێوەی زاراوەدا پێی دەڵێن پەیوەندی هاونشینی، بۆ نموونە وشەی ڕۆژ لە زەینی خوێنەردا مەدلولێکی تایبەتی خۆی هەیە، مەدلولی ڕۆژ لە پەیوەندییە هاونشینییەکەدا درەختی شیعر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەردوو وشەکە چونەتە قاڵبی شیعرییەوەو لە واتا فەرهەنگییەکەی دوورکەوتونەتەوە، هەروەها وشەی شەو لە خەیاڵی خوێنەردا مەدلولی تایبەتی خۆی هەیە، لێرەدا لە پەیوەندییە هاونشینییەکە وشەیەکی تر دەبێت بە هاوڕێی کە پەیوەستە بە وشەی یەکەم و تەواوکەریشی دەبێت، واتە نیشتمان بە شەو تەورە. لە پەیوەندی جێنشینیدا شاعیر دەتوانێت هاوواتاکان بەکاربهێنێ، بەڵام نوسەر سەرپشکە لە هەڵبژاردنی وشەکان ئەویش بەپێی گونجان و ریتمی مۆسیقی لەگەڵ وشەکانی تردا دەبێت.
ئەگەر سەیری بەشی دووەمی دەقەکە بکەین

شەوی ڕابردوو نەنووستم

ئەوەندە نانی شەل و کوێری ئەم وڵاتە یەخەی گرتم.. تا کۆتایی دەقەکە

دەبینین بە بەراورد لەگەڵ بەشی یەکەمی دەقەکە کە پێکهاتە ناوییەکان زیاتر زاڵن بەسەریدا، ئەوا لێرەدا شێوازەکە دەگۆڕێت بەوەی دۆخی فەرمان بە شێوازەکانییەوە زیاتر زاڵە "دووبارەبوونەوەی چوار فەرمان لە بەیتێکدا ڕەنگدانەوەی دۆخێکی دەروونی هەڵچووە ئەمەش بەهۆی فاکتەری

دوبارەبوونەوەو ریتمی تێکچووەوەیە کە دەقەکە بەرەو دۆخێکی گوتاریی ڕووندەبات"[٥٥].

هەندێ کردار سیمای ئاشتیانەی هەیەو، هەندێکی تر سیمای توندوتیژی و زەبروزەنگی پێوە دیارە، کردارەکانی وەك، نەنووستم، یەخەی گرتم، هاواریان لێکردم، دەچنە خانەی قاڵبی دووەمەوە، هەمەڕەنگی لە بەکارهێنانی زەمەنی سینتاکسی لە دەقدا دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی ئەرکێکی جوانناسی، بەڵام زۆر بەکارهێنانی بەدەر لە پێویست دەق بەرەو درێژدادڕی دەبات[٥٦].

هاوسەنگی (التوازي) یەکێکە لە پرەنسیپەکانی میتۆدی بونیادگەری، هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی لێبەدوور دەگرێت. ئەگەر لەڕوانگەی بونیادگەرییەکانەوە سەیری کردارەکانی ناو ئەم دەقە بکەین، ئەوا هەست بە ناهاوسەنگی دەکەین بەوەی کردارەکانی بەشی دووەمی دەقەکە زیاترە لە بەشی یەکەم. بوونی فرمانی زۆر لەناو دەقدا، ئاماژەیە بە جوڵەو کەمیشی دەلالەتە لە بێدەنگی.

دووبارەبوونەوەی جێناوە لکاوەکان بەتایبەت (م) لەجیاتی جێناوە کەسییەکان لەبەر ریتم و مۆسیقای دەقەکەیە، هەروەها دووبارەبوونەوەی جێناوەکان دیاردەی دووبارەکردنەوە کە خوێنەر توشی بێزاریی دەکات دەکوژێت.

بەکاربردنی شێوازەکانی فەرمانی ڕانەبردوو لە بەشی دووەمی دەقەکەدا دەلالەت لە بەردەوامیی (الاستمرارية) ڕوداوەکانی ساتەوەختی ئێستا دەکاتەوە. زیاد بەکارهێنانی فەرمانی ڕابردوویش لە هەر دەقێکدا بەزۆریی گەڕانەوەیە بۆ ئەزموونی سۆزداری و دەرونی و ویژدانی کە لە کۆندا باڵادەستبووەو ئێستاش شوێنەواری ماوە. بەکارهێنانی زۆری جێناوی (م) دەلالەت لەوە دەکات کە شیعر یەکێکە لە چەشنە ئەدەبییەکان کە زیاتر وابەستەی خودە.

ئەگەر سەیری کۆتایی دەقەکە بکەین چاومان بە کۆمەڵێك وشەی لێکدراو دەکەوێت لەوانە: گەڵای غەدرلێکر، چۆلەکەی برسی، شەپۆلی تینوو، گوڵی چاو بە فرمێسك، ئەسپی ماندوو، کە ئەمانە هەموویان لەناو دەقەکەدا چوونەتە چوارچێوەی شیعرییەتەوەو خۆیان بەرەو لادانی (الانزياح) واتا فەرهەنگییەکە بردووە، ئەگەرچی ئێمە ئاماژەمان بە دوالیزمی چەند وێنەیەك دا، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی جۆرێکە لە تێکشکانی دوالیزم، چونکە دوالیزم سیستمێکە چەشنێك لە گونجان دەپارێزێت، نیشتمان لێرەدا سەنتەرێکی ڕوون و جێگیری نییە، بەشێوەیەکی تر بڵێین سەنتەرێك نییە کۆیانبکاتەوە، یان سیستمێکی نەگۆڕو سنووردار دەلالەتەکانی بپارێزێت، واتە نیشتمان تاکە مەدلولێکی نییە، ئەگەر وەها بووایە ئەوە سەنتەر دەپارێزرا، وەك ئەو دەقەی (فایەق بێکەس) نییە کە چەندین دەیە پێش ئێستا وتوویەتی و لە ڕێگاوە شوناسێکی پاراستووەو چووە بە گژی دوژمنانداو دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بەندو کۆتەوە

من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێ نەگەی

[55] د.عمر محمد الطالب، عزف على وتر النص، ص٦١ – ٦٢.

[56] هەر ئەو سەرچاوەی، ل١٩٧.

حەپس و تیٚ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە

بەو خوایەی بیٚ شەریك و لامەکان و واحیدە

عەشقی تۆ جۆریٚ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە

ئاگریٚکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژیٚنیٚتە سەر

قەت گڕو کڵپەو بڵیٚسەی تا ئەبەد نەکوژیٚتەوە

باسی مەحزوونی و کەساسی خۆت نەکەی توخوا وەتەن

چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولیٚتەوە

ماتەمینی تابەکەی؟ دەی پیٚکەنەو سەر هەڵبڕە

موفتەخیر بە، شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە

نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ

کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشیٚتەوە

گەرچی بەینیٚکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی

نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لیٚك بیٚتەوە

لافی میللییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە

رۆژی هەوڵە، هەر بە هیممەت گۆی هونەر ئەبریٚتەوە

بیٚ قسوورە، چەندە سوورە سەد شوکر ئەولادەکەت

وا لەڕیٚی تۆدا، لە خویٚنا سەیری چۆن ئەتلیٚتەوە

بەسیە تەعنەم لیٚ مەدە هەر رۆڵەکەی جارانتم

هیٚندە حیلمت هەتاکو دەست و پیٚم ئەکریٚتەوە

شەرتە شەرتی پیاوەتی بیٚ گەر خودا دەستم بدا

دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگ بیخەمە ژیٚر پیٚتەوە[57]

ڕەنگە لەم شیعرەی (فایەق بیٚکەس)دا بتوانین سەنتەر بپاریٚزین، لیٚرەدا نیشتمان شوناسی دیارە، دەلالەتی شیعرەکە جەخت لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی (منی قسەکەر)ی شیعرەکەو نیشتمان دەکاتەوەو مەدلولی وشەکان لە پنت و سەنتەریٚکدا کۆدەکریٚنەوە تەواو پیٚچەوانەی شیعرەکەی شیٚرکۆیە، نیشتمان لای فایەق بیٚکەس نەگۆڕە، پەیوەندی ئەمی شاعیرو نیشتمان لەسەر بناغەی تەبایی و یەکبوون و توانەوەیە. لای شیٚرکۆ نیشتمان لە بازنەیەکدا کۆناکریٚتەوە، پەیوەندی شاعیر لەگەڵیدا پڕە لە دڵەڕاوکیٚ، بیٚئارامی، نیشتمان جاریٚك گاندییە، جاریٚك بۆکاسا، جاریٚك سۆفییە، جاریٚك جەللادە، ئەمانە هیچیان پەیوەندی گونجان و پیٚکەوە لکان دروستناکەن، لە سەنتەریٚك یان بازنەیەکدا کۆناکریٚنەوە، بەڵکو بەپیٚچەوانەوە لە سەنتەر ڕادەکەن و خۆیان دەرباز دەکەن.

---

[57] ئومیٚد ئاشنا، دیوانی بیٚکەس، ل٣٢ – ٣٣.

ئێمه چەند بڕگەیەکمان لەم دەقە کراوەیە هەڵبژارد دەقی کراوەیش تەئویلی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، دەلالەتی جۆراوجۆری تێدا بەرهەم دێت، ئەمەش وادەکات پانتاییەك بدۆزێتەوە بۆ ناتەبایی، نەگونجان، دۆخی جیوە ئاسایی کە وادەکات جموجوڵی بەردەوام بەملاولادا هەبێت.
لە کۆتاییدا دەڵێین بەپێی پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناتوانین بڵێین ئەم خوێندنەوەی ئێمە بۆ دەقە شیعرییەکە دوا خوێندنەوەیە، چونکە دەقەکە کراوەیەو واتاکەیشی بێکۆتاییە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێکی ڕەخنەیی پاش بونیادگەرییە.
٢- کار لەسەر توێکاری و کنەکردنی دەق دەکەن.
٣- لەڕوانگەی ئەمانەوە دەق کراوەیەو واتای کۆتایی نییە.
٤- دەقەکەی شێرکۆبێکەس بونیادێکی دیاریکراوی نییەو خۆی لەسەنتەرگەرایی دووردەخاتەوە ئەمەش یەکێکە لە پرەنسیبەکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە گەرایی.
٥- دەقەکەی فایەق بێکەس خاوەن سەنتەرو شوناسێکی دیارە مەدلولی وشەکان لەسەنتەرێکدا کۆدەکرێنەوە ئەمەش پێچەوانەی شعرەکەی شێرکۆیە کەخۆی لەسەنتەر گەرایی دووردەختەوە.
٦- خۆیان بەدوور دەگرن لە سەنتەریزم و بونیادی دەق.
٧- (جاك دریدا) ڕەخنەگری فەرەنسی بە پێشەنگی ئەم ڕەوتە دادەنرێ.
٨- بەپێی پرەنسیپەکان و بۆچوونی ڕەخنەگران، میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي) زۆر لەیەکەوە نزیکن بەوەی خاڵی هاوبەشیان خوێنەرە.
٩- ئامانجی سەرەکییان کارکردنە لەسەر هزری نائامادەی ناو دەق.

## سەرچاوەکان


به عەرەبی:

١- ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني، الطبعة الاولى، دار الكندى، الاردن، ٢٠٠٢.
٢- ابراهيم محمود خليل (د)، النقد الادبي من المحاكاة الى التفكيك، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٣.
٣- ادوارد سعيد، العالم والنص والناقد، ترجمة: عبدالكريم محفوظ، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٠.
٤- ادونيس، كلام البدايات، دار الآداب، بيروت، ١٩٧٩.
٥- ايمان عيسى الناصر (د)، وحدة النص وتعدد القراءات التأويلية في النقد العربي المعاصر،

الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١.

٦- بسام قطوس (د)، المدخل الى مناهج النقد المعاصر، الطبعة الاولى، دار الوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦.

٧- بشير تاوريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، الطبعة الاولى، دار رسلان للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠٠٨.

٨- بشير تاوريت (د)، د. سامية راجح، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٨.

٩- ديفيد بشبندر، نظرية الادب المعاصر وقراءة الشعر، ترجمة: عبدالمقصود عبدالكريم، سلسلة الالف كتاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٦.

١٠- س. رافيندران، البنيوية والتفكيك تطورات النقد الادبي، ترجمة: خالدة حامد، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٢.

١١- سعيد علوش (د)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، الطبعة الاولى، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ٢٠٠١.

١٢- سمير سعيد حجازي (د)، قاموس مصطلحات النقد الادبي المعاصر، الطبعة الاولى، دار الآفاق، القاهرة، ٢٠٠١.

١٣- سمير سعيد حجازي (د)، قضايا النقد الادبي، الطبعة الاولى، دار الآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠٧.

١٤- صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، الشركة المصرية العامة للنشر، القاهرة، ١٩٩٦.

١٥- عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨.

١٦- عبدالله ابراهيم وآخرون، معرفة الآخر، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ١٩٩٠.

١٧- عبدالله الغذامي (د)، القصيدة والنص المضاد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤.

١٨- عماد حسين محمد (د)، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٩.

١٩- عمر محمد طالب، عزف على وتر النص الشعري، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٠.

٢٠- فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر، ٢٠١٠.

٢١- مجموعة مؤلفين، النقد الأدبي المعاصر قضاياه واتجاهاته.

٢٢- محمد شبل الكومي (د)، المذاهب النقدية الحديثة مدخل فلسفي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٤.

٢٣- مدان ساروبي، دليل تمهيدي الى مابعد البنيوية ومابعد الحداثة، ترجمة: خميس بوغرارة، منشورات جامعة قسطنطينة، الجزائر، ٢٠٠٣.
٢٤- ميخان الرويلي (د)، سعد البازعي (د)، دليل الناقد الأدبي، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ٢٠٠٢.
٢٥- هشام الدرعاوي، التفكيكية، التأسيس والمراس، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ٢٠١١.
٢٦- وليد قصاب (د)، مناهج النقد الأدبي الحديث، الطبعة الاولى، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

به كوردى:
٢٧- ئومێد ئاشنا، دیوانی بێکەس، چاپی یەکەم، سنە، ٢٠٠٨.
٢٨- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٩- عەلی تاهیر حسین (د)، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونە، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٠- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

به فارسى:
٣١- بهرام مقدادى (د)، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبى از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ اول، انتشارات فكر روز، تهران، ١٣٧٨.
٣٢- كريستوفر نوريس، شالوده شكنى، ترجمەی پيام يزدانحو، چاپ اول، تهران، ١٣٨٥.

گۆڤار:
به عەرەبى:
٣٣- عبدالعزيز بن عرفة (د) جاك دريدا، التفكيك والاختلاف المرجأ، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ٤٨-٤٩، ١٩٨٨.
٣٤- محمد جمال باروت، في منطق مابعد الحداثة، مجلة الكرمل، العدد ٥٢، ١٩٧٧.
٣٥- محمد علي الكردي، مفهوم الكتابة عند جاك دريدا، مجلة الفصول المجلد الرابع عشر، العدد الثاني، ١٩٩٥.

## ملخص البحث

التفكيكية منهج نقدي وليدة مابعد البنيوية يكمن دورها في الحفريات والتشريح داخل النص حتى نصل إلى أعماق المعاني الخفية. يولي هذا المنهج الإهتمام الأكبر بالقارئ كباني للنص، ويعتقد نقاد المنهج التفكيكي أن النص مفتوح، ليس له معنى نهائي، ويبتعدون كثيراً عن المركزية والبنية في النص. كذلك يُعنى هذا المنهج بالمعنى الغائب بدلاً عن المعنى الحاضر.

تتكون الدراسة من قسمين:

القسم الاول عبارة عن إلقاء الضوء على التعريف، المفهوم والمصطلح مع المبادئ.

القسم الثاني عبارة عن الإجراء التطبيقي، وقد إنتقينا نموذجاً من مجموعة شيركو بيكەس (ألآن، فتاة وطني) وإخترنا منها مقطعاً شعرياً أي أننا لجأنا إلى التأكيد على الجزء الذي يدل على مفاصل الكل. والسبب الأساسي الذي دفعنا إلى إختيار هذا الجزء من النص هو أنه نموذج مفتوح والنص المفتوح كما يُعرَف هو الأكثر إنفتاحاً على التعددية والتأويل المتنوع.

## Abstract

Deconstruction is an approach emerged from post-structuralism I, its function is excavation and anatomy within the text until we reach deep into the hidden meanings. This approach pays the greatest attention to the reader as the builder of the text, and deconstructive approach critics believe that the text is open, has no final meaning, and often they keep away from the centralism and the structure in the text. This approach also pays attention to the absent meaning rather than the present sense.

The study consists of two parts:

The first section is to shed light on the definition, concept, term and the principles.

The second section is the applied procedure, the model we have selected from the group Sherko Bekass (Now, Girl of My Nation) and we selected a poetic part, i.e. we turned to emphasize the part that shows the connection with the whole. The main reason which led us to choose this part of the text is that it is an open model, and the open text is the most open to pluralistic and diverse interpretations.